**راگەیاندنی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان:**

## سەبارەت بە لەت و پەت کردنی منالیکی 4 مانگە لە شاری رانیە



رۆژی 11-2-2006 لە پشت پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ناوەراستی شاری رانیە تەرمی منالیکی کچی 4 مانگە دۆزرایەوە کە بە شیوەیەکی زۆر وەحشیانە،لەت و پەت کرا بوو، وەخرابووە ناو کیسەیەکی نایلۆنەوە و وا دیار بوو چەند رۆژیکە ئەم کارەساتەی بە سەر هینراوە،دوای دۆزینەوەی لە لایەن ئاسایشەوە رەوانەی نەخۆش خانە کرا ولەوی تەسلیمی پۆلیسی خەستەخانە کرا.تا ئیستاش لیکۆلینەوەکان بەردەوامن بۆ زانینی راستی ئەم رووداوە.

ئەمرۆ ئێمە خەمێکی گەورە دایگرتین ، ئەم هەواڵە نە چیرۆکە و نە خەون و نە مەتەڵێکی دروست کراوە،باوەر بکەن ئەمە راستیە کە و لە سەردەمی ئەمرۆشماندا روویانداو لە شارۆچکەیەکی کوردستان ڕووی داوە ، ئیمە رەسمەکانی ئەو پەپولەیەمان لایە کە لە بەر درەندەی و وەحشیگەری کارەساتەکە نازانین چۆن چۆنی نیشانی ئیوەی بدەین و بلاوی بکەینەوە؟!." *هەر کەس دەیەوێت ئەو کارەساتە جەرگ برە ببینێ با مەیلمان بۆبکات تا وێنەکانی بۆ بنێرین* ".

بە راستی ئیمە دەپرسین وبۆمان جیگای تیرامانیکی قوولە، ئەوە چ جۆرە ئیسنان و خاوەن چ جۆرە ئیحساس وتیروانینیکە کە وا بەم شیوە وەحشیانە و دژی ئینسانیە ئەم پەپولە 4 مانگە کە هیشتا چاوەکانی بە تەواوی بە دنیای روون هەلنەهاتوون ، بەم شیوەیە وا لەت و پەت دەکات ، چۆن زاتی ئەوەی کرد کە ئەم کارە ئەنجام بدات و ئیستا دەبی چۆن ژیان بە سەر ببات؟!

ئەمە یەکەم جار نیە کە روودانی تراژیدیای لەم جۆرە دەبیستین، لە سالانی ڕابردوودا و لە 1991 تا ئێستا دەیان جار کێشەی دڵتەزێنی لەم جۆرەمان ڕاگەیاندووە وحکومەتی هەرێمی کوردستانمان لەم تراژیدیانە ئاگادار کردۆتەوە، ئازاد ئەبوبەکری پێڵاو بۆیاغچی لە پشتی ملەوە سەربڕابوو وە لە قەبرسانی شێخ محی الدین فرێدرابوو پاش ئیغتصاب کردنی ، هێمن نورەدین بە زللەیەکی مامۆستاکەی چاوی کوێربوو پاشان کوشتی وە جگە لەسەنتەری منالان کەسیش یەخەی مامۆستاکەی نەگرت ، عادل لە ترسی هەرەشەی مامۆستاکەی نەوتی بەخۆیدا کردو خۆی سوتاند ، دانا خورشید بەسەربراوی فرێدرا بوو لە باغی ریعایە، لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی سێی ناوەندی بۆ ساڵی 2005 چەند خۆێنکاری کچ خۆیان سوتاند لە داخی ئەوەی بەرێوەبەری قوتابخانە سنگی پشکنی بوون بۆ قۆپیە، وە لە یەکێك لە باخچەی ساوایانی هەولێر لە لایەن دادەیەکی دڵ رەقەوە لە میرشادی تەمەن سێ ساڵان دراو سێ رۆژ لەجێگە کەوت.

رۆژانە بە شیوەیەکی بەرفراوان توونددو تیژی لە بەرامبەر بە منالان بەکاردەهینریت و بە شکل و شیوازی جۆراو جۆر ئازاری جەستەیی و رۆحی و نەفسی منالان دەدریت.وا ئەم جارەش منالێکی 4 مانگە بەچەقۆ لەت و پەت دەکرێت و لە تورەکەیەکدا فرێ دەدرێت..!!

لیدان بە شیوەیکی زۆر دلرەقانە و نائینسانانە وسووتاندن و داخ کردنی لەشی منالان وەك شیوەیەکی سزادان، دەست دریژی سیکسی و تەعەروز کردن بە منالان،........هتد، ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکی کەمن لەو کیشە و مەشاکیلانەی کە منالانی ئیمە لەم وولاتەدا بەرەو روویان بووینەتەوە.

***ئینسان دۆستان و لایەنگرانی مافەکانی منالان***

ئەم ڕووداوە جەرگ بڕانە بەرامبەر بە منالآن ، زەنگێكی خەتەرناكەو لە ئێمە گەرەكان ئەرك و بەرپرسیارێتی دەخوازێ ، لە دەسەلآتدارانی كوردستان لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی دەخوازێ ، ئیتر بەسیەتی ئەم هەموو زولم و زۆرەی كە لە منالان دەكریت،پەپولەكانی ئیمە نابیت بەم شیوەیە مامەلەیان لە گەلدا بكریت وئەو فەرهەنگ و قانوون و رەسم ویاسایەش كە بەرگری لەم جۆرە كردەوانە دەكات و بە شیوەیەكی راستە وخۆ زەمینەی مانەوەی ئەم جۆرە كردەوانە دەهیلیتەوە ، دەبیت توور هەلبدریتە ناو زبلدانی میژووەوە.

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان داوا لە حكومەتی هەریم و هەموو ریكخراوو حیزب و كەسانی ئینسان دۆست دەكەین كە هەموو توانای خۆیان بخەنە گەر لە پیناو كۆتایی هینان بەم دیاردانە وهەروەها لە هەمان كاتیشدا داوا لە حكومەتی هەریم دەكەین كە ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە گەورەیە ئاشكرا بكات و بە سزا بگەیەنرین.ئەگەر یاسایەك هەبێت تایبەت بە مافەكانی منالآن ، ئەگەر عەدالەت و دەسەلآتێك بەجێی بهێنێ كەس جورئەت ناكات ئەم تاوانانە بەرامبەر بە منالآن ئەنجام بدات.

سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان هەموو توانای خۆی دەخاتە گەر لە پیناو دۆزینەوەی ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە و بە سزا گەیاندنیان، لە ڕێگەی دەسەلآتی یاسایی و دادگاوە.

منالآن لە عێراق و كوردستان پێویستیان بە یاسایەكی تایبەتی هەیە بۆ بەرگریكردن لەمافەكانیان، ئێمە لەسەنتەری منالآن بە هاوكاری كەمپینی نێو دەولەتی بۆ بەرگری لەمافەكانی منالآن (یەكەم منالآن) چوار چێوە گشتییەكانی مافەكانی منالآنمان دارشتووە وەك بەلگە نامەیەك دەیخەینەبەردەستی حكومەتی هەرێمی كوردستان و عێراق ، وەخەبات دەكەین لە پێناوی جێگیر كردنی و بەرگریكردن لە مافەكانی منالآن. لەم نێوەشدا پێویستیمان بە هاوكاری هەموو خەلكێكی ئازادیخوازو بەرگریكەر لەمافەكانی منالآن ، وە هەموو دام دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەسەلآتی مەركەزی بەغداد هەیە.

**سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالآن – كوردستان**

www.santarimnalan.com